پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆژەکانی سوپای نوێی عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلەپێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێک پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵک لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

***لەوەڵام بەراپرسیەکەی ماڵپەڕی دەنگەکان..***

***کەمال ڕەئوف***

- ڕەنگە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستمان بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی بزاڤی میللی کورد هەبێت بەگشتی وبەتایبەتی لەوکاتەوە کەبزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بەدەرکەوتووەو خۆی وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی پێناسەکردەوە , بەڵام پرسیارەکەی بەڕێزتان زیاتر لەو مەدارەدا دەخولێتەوە کە لە دوای ڕاپەرینی بەهاری 1991 دەستپێدەکات, بۆیە بەکورترین وەڵام و ئاماژە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامگیریەی کەبەڕاشکاوانە بڵێین ئەو بزووتنەوەی کەلەم بەشەی کوردستان هەبووە وتەمەنی لەپەنجا ساڵ تێدەپەڕێ و ئیستاش بوونی بەهێزی هەیە و خاوەن چەندین حیزب و ڕێکخراوەیە نەئیستاو نەئەوساش کەلەشاخ بوون هیچ کاتێك لەبەرنامەو ئامانجەکانیدا پرۆژەیەك نەبووە ناوی دەوڵەتی کوردی بێت تاکاری بۆبکەن , ئیتر چۆن دەبێت خەڵك چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەن کە ئەوان دەوڵەتی کوردی پێکبهێنن ,! بەشێوەیەکی تر گەڕانەوە بە کارنامەو مامەڵەکردنی دەساڵی ڕابردووی ئەواندا بەسانایی وەڵامی ئەو پرسیارەمان چنگ دەکەوێت کە ئاخۆ چی لەبەردەمدا ڕێگرە لەوەی کەکار بۆ دەوڵەتی کوردی نەکرێت و مافی چارەی خۆنووسین بۆ خەڵکی کورد نەسەلێنرێت ؟ من بەپێچەوانەی بۆچوونی گەلێك کەسەوە پێم وانیە سەرکردایەتی ئێستای کوردی بێئاگابن لەدنیای سیاسەت و بێخەبەربن لەوەی کە بزانن خەڵکی کورد چیان دەوێت وچ ڕێگایەك دەخوازن بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکەیان , بەپێچەوانەوە ئەوان خوێندنەوەیان بۆ هەموو ئەوانە هەیە و بەوردیەوە یان دروستر بڵێن بەڵام بەچاویلکەی بەرژەوەندیەکانی حیزبەوە سەیری ئەومەسەلانەدەکەن , سەبارەت بەخەڵکیش ئەوان بەحوکمی ئەوەی لەدایکبووی بزووتنەوەیەکی فیوداڵی وتاك

دەسەلأتی ڕەهاین و هێزەکانیشیان لەسەر ئەو سلوکە کۆکردۆتەوە بۆیە زۆر بەسانایی دەتوانن گوێی خۆیان لە بەرانبەر داواکانی خەڵکدا بنوقێنن چاویشیان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەدوانەوە بکەن بەچوار, چونکە ئەوان دەزانن ئیستا بزووتنەوەیەکی بەهێز لەدەرەوەی خۆیان بوونی نییە لەوبارەوە ترسی ئەوەیان نییە تاخافلگیربکرێن , لەبارەی کارەکانی حیزبی و خۆشیانەوە ئێوە سەیرکەن بزانن پارتی و یەکێتی ئەوشتەی کەپێی دەڵێن تەعریفەی گومرگی یان مانیفستی گومرگەی کەهەیانە چۆن بەووردی دایان ڕشتووە تاکو بوار نەدەن فلسە سورەیەکیان لەکیس بچێت , ئەو تەعریفەیە کەمن بۆخۆم لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا بینیوومە تەنانەت , مەمکەمژەی منداڵ و دەرزی و هەڵماتی شوشە گەورەو بچوك , بازنگ و گوارەی فافون ومسی منداڵأنیشی گرتوەتەوە و بەرانبەر هەریەکێکیان ڕێژەیەك پارەدیاری کراوە و ناو ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە , ئەم ووردەکاریە کە لەوێدا کراوە بەڵگەی ئەوەیە کەئەوان پرۆژە سیاسی و کۆمەڵأیەتیەکەیان لەبزووتنەوەیەکی سیاسیەوە گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی ئیکونومیستی بەربلأو حیزبیش بوەتە ئەو کۆمپانیاگەورەیەی کەبتوانێت باشترین قازانجی مادی بەخاوەنەکەی بگەیەنێ , لەئاواحاڵێدا ئیتر چۆن دەبێت ئێمە چاوەڕی ئەوە بکەین لەئەرزێکی ڕەقەڵأنی و نەیاردا ئەوان ئەو زەحمەتەبکێشن دەوڵەت بۆکورد دروست بکەن!

ئێوە باشتر بوو بتان پرسیایە ئاخۆ بەدوای ئەو هەمووساڵە لەشەڕی خۆ بەخۆیی و لەخەرجکردنی داهاتی ئیدارەکان بۆ شەڕو دژایەتی یەکتری و بەکوشتدانی ئەو هەموو خەڵکە , ئاخۆ خەڵکی کوردستان جارێکی تردەنگی خۆیان پێدەداتەوە و جارێکی تر پارتی و یەکێتی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێننەوە ؟ من دەلێم بەدڵنیاییەوە زۆرینەی دەنگەکان هەر ئەوان دەی هێننەوە , ئەویش بەو دەلیلەی کە خەڵکی کورد هێشتا لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری و لەبزووتنەوەیەکی میللی بەهێزی وا بەهرەمەندنییە کە بتوانن لەدەرەوەی چوارچێوەی حیزبە تەقلیدیەکانەوە بوەستن و کار بۆ ئەوە بکەن کەخەڵك دەی خوازێت و هەوڵی بۆدەدەن , بۆیە من پێم وایە ئەو هەنگاوانەی ئێوە باسی دەکەن لەوێوە دەست پێدەکات کە تاچەندە خەڵك دەتوانێت لەدەرەوەی بەرژەوەندەکانی ئەوانەوە بووەستێت و خاوەن بزووتنەوەیەك بن کەشوێن پەنجەی پارتی و یەکێتی پێوە دیار نەبێت وتەجاوازی سلوکی سیاسی ئەوانی کردبێت ولەوێدا کاربۆ ئەوەبکرێت کە مافی چارەی خۆنووسین کەداوایەکی ڕەواو دانپیانراوە بەدەستی بهێنن , چونکە بۆ هەموولایەك ئاشکرایە پارتی و یەکێتی ئامادەن بچنە هەڵبژاردنێکەوە کەپێشوەخت سەرکەوتنیان تیایدا بۆخۆ مسۆگەر کردبێت , بەشداریشیان لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بۆ ئەوەیە تاکو میرایەتی کوردستانیان لەچنگ دەرنەچێت هەربۆیە لەسەر هیچ خاڵێك پارتی و یەکێتی ناتوانن ڕێك بکەون کەچی لەچاوتروکانێکدا لەسەر ئەوخاڵە کۆك بوون پێویستیان بەناوبژیوان و پێنج ساڵ دانیشتن و کۆبوونەوەی درێژخایەن نەبوو, بەجۆرێکی تریش ئەوان ئامادەن بچنە گەمەیەکەوە کەدڵی هەمووکەس ولایەنێك جگەلەخەڵکی کوردستان لەخۆیان ڕازی بکەن , چونکە لەئاکامدا ڕازیکردنی دڵی خەڵك و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك لای ئەوان ئەو ژمارەیەیە کەهێشتا لەتەعریفەکەی ئەواندا جێگایەکی نیەو ئەرزشی مەمکەمژەیەك وهەڵماتە شووشەیەکیشی نیە تاکو لەمانیفستەکەیاندا جێگەیەکی بۆبکەنەوە و حسابێکی لەسەر بکەن .